# چەند هەڵوێستەیەك لەگەڵ نوێژی تەراویحدا

[ بە کوردی ]

وقفات مع صلاة التراويح
[ باللغة الكوردية ]

نوسینی : حاجی ئومێد چروستانی
الكاتب : أوميد عمر علي
پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز
المراجعة: بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەی ( رەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و
وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة
بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

# چەند هەڵوێستەیەك لەگەڵ نوێژی تەراویحدا

درود وسڵاوی بێ پایان بۆسەر گیانی پێغەمبەری ئازیزمان وەبۆ سەر گیانی سەرجەم شوێنکەوتوانی هەتاهەتایە.

ئەمەی خوارەوەکەبۆتان بەیان دەکەم هەندێك تێبینی گرنگەکەپێویستەهەموو موسڵمانێك ئاگادری بێت و ئەوانەی کەپێویستن جێ بەجێ یان بکات و ئەوانەش کەسەرچاوەیان لەنەزانین و جەهلەوەیەخۆیانی لێ بەدوور بگرێت، بێگومان ئامۆژگاری گونجاو بەجێ پێویستەلەسەر هەموو موسڵمانێك وەك پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دەفەرموێت : الدين النصيحة ،قالوا : لمن ؟ قال : لله ولكتابه ولرسوله ولأئمة المسلمين وعامتهم ) .

هەڵوێستەی یەکەم : لەگەڵ ئیمام و پێش نوێژەخۆشەویستەکان خوای گەورەیارمەتی دەریان بێت :

لەو تێبینی و سەرپێچیانەی کەدەکرێت :

١ ) خێرایی و پەلەپەل لەئەنجام دانی نوێژی تەراویح و شەو نوێژی دەشەوی کۆتایی ڕەمەزان کەناسراوەبەشەوانی قەدر ، ئەمەخێرایی و پەلەپەلەش دەبێتەهۆی ئەوەی هەندێك جار یان زۆر جار کڕنوش و سوژدەکان وەك خۆی ئەنجام نەدرێن ،کەپێویست نوێژ خوێن لەنێوانیاندا لاشەی لەجوڵەبکەوێت کەپێی دەوترێت ( الطمأنينة ) .

٢ ) هەندێك پێش نوێژی بەڕێز هەیەلەڕادەبەدەر دوعا و نزاکانیان درێژدەکەنەوە، ئەمەش دەبێتەمایەی بێ تاقەتی نوێژ خوێنەکان، ئەوەش بزانە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دەفەرموێت : إذا أمَّ أحدكم للناس فليخفف ، فإن فيهم الضعيف والمريض والمسكين وذا الحاجة ، ومن صلى لنفسه ليطول ماشاء )

واتە : هەرکەسێك لەئێوەئەگەر نوێژی کرد بۆ خەڵکێك ئەوەبا نوێژەکەیان بەئاسانی بۆ بکات ( واتە زۆر درێژی نەکاتەوە) چونکەلەنێو نوێژ خوێنەکاندا خەڵکانێکی

پیر و لاواز و نەخۆش و کەم دەرامەت و خاوەن کار هەن، جا هەرکەسێك نوێژیشی بۆ خۆی کرد ( واتە بەتەنها ) ئەوەچەندی دەیەوێت با درێژی بکاتەوە.

ئەم فەرموودەیەکاتێك وتراوەکەموعازی کوری جەبەل نوێژی یۆ کۆمەڵەکەسێك کرد و نوێژەکەی زۆر درێژ کردەوە، خەڵکانێکیش هاتنەخزمەت پێغەمبەر و شکاتی موعازیان کرد، ئەویش پێ ی فەرموو ( أفتَّان أنت یا معاذ ) ئەی موعاز تۆ دەتەوێت خەڵکی توشی فتنەو بێ زاری بکەیت لەنوێژەکانیان ، دواتر ئەو فەرموودەی سەرەوەی فەرموو بۆ گشت هاوەڵان .

ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت ئومەتی ئیسلام ئومەتێکی مام ناوەندە، وەك پەروەردگار دەفەرموێت : ( وجعلناکم أمة وسطا ) .

کەواتەنابێت نوێژەبەکۆمەڵەکانمان نابێت ئەوندەپەلەپەل و خێرا ئەنجام بدرێت کەنەزانین چ دەڵێین لەگەڵ پەروەردگارماندا ، نابێت ئەوەندەش درێژ بکرێتەوەکەخەڵکی تووشی بێزاری و بێ تاقەتی ببن .

٣ ) هەندێك ێش نوێژ وانەزانن کە( واجبە ) و هەردەبێت لەمانگی ڕەمەزاندا قورئان خەتم بکرێت لەهەر سی شەوەکەی تەراویحدا ،چونکەئەمەدەبێت هۆی پەلەپەل کردن لەخوێندنی قورئانەکەدا، بەشێوەیەك نوێژ خوێنەکان نەتوانن بەجوانی لەمانا و واتای قورئانەکەوورد ببنەوە.

٤)پێش نوێژەخۆشەویستەکان هاندەدەم کەزۆر پێداگری بکەن لەجێ بەجێکردنی سوننەتەکان و دوور بکەونەوەلەبدعەو خواپەرستیەك کەپێغەمبەری خوا ( صلی اله علیه وسلم ) ئەنجامی نەدابێت ، یۆیەسەحیح تر وایەنوێژی تەراویح ( ١١ ) یانزەڕکات یان ( ١٣ ) ڕکات بکرێت ، لەجێی ( ٢١ ) و ( ٢٣ ) چونکەوەك وتمان دەبێت رەچاوی بارو دۆخ و باری تەندروستی نوێژ خوێنەکان بکرێت .

٥)زۆر بەداخەوەهەندێك ئیمام و پێش نوێژ هەیەکەلەگەڵ نوێژەکانیان کرد لەمزگەوت دەر دەچن و ئیتر ئەوەیان لەبیر چووەتەوەکەئەوان میرات گری پێغەمبەرن( صلی الله علیه وسلم ) جا بۆیەدەبێت ئەمك مانگە پیرۆزەبەهەل وەر بگرن و کەمتەرخەمی نەکەن لەووتاردان و ئامۆژگاری کردنی خەڵکی بەتایبەت لەنێوان بانگ و قامەتکردن بۆ نوێژ ، یان دوای لێبونەوەی نوێژەکان، هەموو جارێك بابەتێکی کورت باس بکرێت کەپەیوەندی بەژیان و گوزەرانی ئەو خەڵکەوەهەبێت .

هەڵوێستەی دووەم : لەگەڵ خەڵکی بەگشتی ( خوای گەورەبیان پارێزێت )

١)هەندێك گەنج و هەندێك لەخەڵكی فێری ئەوەبوون كەمانگی ڕەمەزان دێت هەر شەوەی لەمزگوتێك نوێژ دەكەن ، ئەمەش بەوەی كەبەدوای ئیمامەدەنگ خۆشەكاندا دەگەڕێن و وای لێهاتوەكەئەو جۆرەكەسانەناوبانگیان دەركردوەبە( عشاق الأصوات ) ئەمەش پێچەوانەی سوننەتی پێغەمبەری خوایە( صلى الله عليه وسلم ) وەك دەفەرموێت : " ليصل أحدكم في المسجد الذي يليه ولا يتبع المساجد " ئەم فەرموودەیەطبراني ڕیوایەتی كردوە، واتە : هەركەس لەئێوەبا لەو مزگەوتەنوێژەكەی بكات كەلێوەی نزیكە، نەگەڕێت بەسەر مزگەوتەكاندا .

چونكەئەمەدەبێتەهۆس ئەوەی كەهەندێك لەمزگەوتەكانمان چۆڵ بن ، یان دەبێتەهۆس ئەوەی ئەو كەسەی كەدەگەڕێت بەدوای مزگەوتی ئیمامی دەنگ خۆشدا كەلەسەرەتای نوێژەكەوەنەگات بە( جماعەت ) دا ، بەڵام ئەگەر كەسێك حەزی كرد هەموو ڕەمەزانێك تا كۆتای لەمزگەوتێك كەحەزی لێیەتی نوێژی تەراویح ئەنجام بدات ئەوەهیچی تیادا نیە ، بەڵام وەك ووتمان وا نەبێت هەرشەوەی لەمزگەوتێك بێت بەدوای دەنگ خۆشدا بگەڕێت .

٢)گریان و هاواری بەدەنگ لەلایەن هەندێك خەڵكەوەكاتێك ئیمامی نوێژ خوێن قورئانەكەی بەكوڵ دەخوێنێت ، یان هەندێك خەڵكی فێر بوون زۆر لەخویان دەكەن لەگریان و دەنگیان بەرز دەكەنەوە، ئەمەش لەڕەوشتی پێشینانی ئەم ئومەتەوەزۆر دورەلەسەروو هەموویانەوەپێغەمبەری ئازیزمان ( صلى الله عليه وسلم ) كاتێك كەدەگریا لەنوێژەكانیدا بەهێواشی و بەكوڵ لەسەر خۆی دەگریا ، چەنكەبەزۆر گریان لەخۆ هێنان مرۆڤ ڕادەكێشێت بۆ ( ريـــا ) سەغلەتكردنی خەڵكانی تریش ، بەڵام ئەگەر كەسێك هەر خۆی وابوو كەخۆی بو ڕانەدەگیرا و بەدەست خۆی تەیوو ، ئینشا الله عوزری هەیەچاری نیە ، بەڵام دەبێت هەوڵ بدات لەو حاڵەتەدوور بكەوێتەوە.

٣)هەندێك خەڵكی لەمانگی ڕەمەزاندا بەتایبەتی وا فێر بوون كەدێنەناو مزگەوتەوەنوێژەكانیان دا نابەستن لەگەڵ ئیمام دا بەڵكو دەست دەكەن بەگاڵتەو گەپ و سوعبەت كردن تا كاتێك كەئیمام دەچێت بۆ كڕنووش بردن ئەوجا بەپەلەدێن لەگەڵ ئیمام دا كڕنووش دەبەن، ئەمەش زۆر لەناو گەنج و لاوەكانماندا بووەبەباو ، كەبەڕاستی ئەم خووە كارێكی نا پەسەندەو تەواو پێچەوانەی سوننەتە، چونكەبە بەم كارەیان پاداشتێكی گەورەیان لەدەست دەچێت كەپاداشتی ( تكبيرەالاحرام ) و خوێندنی سورەتی ( الفاتحه) یە.

٤ ) هەڵگرتنی ( مصحفي قرآن ) لەكاتی تەراویح و شەو نوێژدا ، ئەمەش كاتێك كەئیمام قورئانی زۆر دەخوێنێت ، هەندێك نوێژ خوێنیش فێر بوون بەدەستێكیان قورئانەكەدەگرەن و سەیری دەكەن و دەستەكەی تریشیان لەسەر سنگیان داناوە، ئەم دیاردەش بەزۆری لە( مزگەوتی حەرەمی مەككەی پیرۆز ) بەرچاو دەكەوێت ، گومانی

تیادا نیه ئەمەش لەگەڵ سوننەتەكاندا یەك ناگرێتەوەچونكەدەبێتەهۆی جوڵەحەرەكەیەكی زۆر كەلەخشوعی نوێژەكەكەم دەكاتەوە، وادەكات لەنوێژ خوێن كەچاوی لەجێگای سوژدەكەی نەبێت هەردوو دەست دانانیش لەسەر سنگ كەیەكێكەلــەسوننەتەكان ئەنجام نەدرێت .

٥ ) زۆر بەداخەوەهەندێك لەخەڵكی فێری ئەوەبوون چوار ڕكات یان شەش ڕكات لەگەڵ ئیمام بەكۆمەڵ دەكات و پاشان مزگەوت بەجێ دەهێڵێت و جارێكی تریش ئەوەی لەبیر دەچێتەوەكەمانگی ڕەمەزان مانگی عبادەت و زیكر و لێخۆش بوونی خودایەبۆ بەندەكانی، نازانێت و لەیادی چووەكەپاداشت و خێری مانگی ڕەمەزان و شەوانی قەدر لەپاداشتی هەشتا و سێ ساڵ و زیاتر لەوەش گەورەترە، جا برای خۆشەویست بۆ چەند لەحزەیەكی كەمی كوورت ئەو پاداشتەگەورەیەلەكیس خۆت مەدەو با هەمومان ئەم مانگەپیرۆزەبكەین بەوێستگەی بەخۆدا چوونەوە و واز هێنانمان لەتاوانەكان و بیكەین بەمانگی تەوبەو پەشیمانی تاوەكو پەروەردگارمان بمان گێڕێت لەو كەسانەی كەلەم مانگەدا لێیان خۆش دەبێت ئین شاء الله .

هەڵوێستەی سێهەم و كۆتای : چەند ئامۆژگاریەك بۆ هەموو موسڵمانێك بەپیاو ژنەوە.

بەخۆم و بەسەرجەم ئەو موسڵمانانەدەڵێم كەپابەندن بەنوێژ و ڕۆژوو ئاداب و ڕەوستەجوانەكانی ئیسلام ، با لەم مانگەپیرۆزەدا زۆر ئاگاداری ڕۆژووەكانمان بین بەتاڵیان نەكەینەوەبەووتەو گاڵتەوگەپی قسەی بێ جێ و كات بەسەر بردن، یان وەك ئەو كەسەمان لێ نەیەت كەرۆژ تا ئیوارە خووری دەڕێسێت و دواتریش بەدەستی خۆی ڕێسەكەی خاو بكاتەوە، مەبەستم ئەوەیەلەو كەسانەنەبین كەلەشەو نوێژەكانماندا بگرین و هاوارمان بگاتەگشت خەڵی ، دواتریش هەر ئەچاوانەی كەپێ ی گریاوین خوا پەنا بدات سەیری هەندێك ئەفلامی ناڕێك ونا بەجێ ی پێ بكەین و مایەپووچ دەربچین ، یان هەر بەو زمانەی كەشەوان و كاتی تەراویح و شەو نوێژەكانمان زیكرەكانی خودامان پێ دەكرد پاشتر بچین غەیبەت و دوو ڕوویی و درۆ و دەلەسەو بوهتانی پێ بكەین ، وەهەروەها ئەو دڵانەی كەبەنووری ئیمان و خشوعی نوێژەكان ئاوەدان بوەتەوە نەهێڵێن جارێكی تر ببێتەوەبەهێلانەی فڕو فێڵەكانی شەیتان و شوێنكەوتوانی ، وا بین جارێكی تر ڕق و كینەی تیادا هەڵنەگرین بەرامبەر هیچ موسڵمانێك، نەوەك خوا نەخواست لەم مانگەپیرۆزەدا لەو كەسانەبین كەپێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دەربارەیان دەفەرموێت : " رب صائم حظه من صیامه الجوع والعطش "ئیمامی ئەحمەد ئەم فەرموودەیەی ڕیوایەت كردوە، واته : هەندێك لەڕۆژووگران هیچیان بۆ نامێنێتەوە، تەنها برسیەتی و تینویەتی نەبێت( واته ڕۆژوەكانیان لەهیچ خراپەیەك نایان گێڕێتەوە، بمەش هیچ خێرو پاداشتێكیان بۆ نانوسرێت ) .

لەفەرمووودەیەکی تردا کەئیمامی بوخاری ڕیوایەتی کردوە، پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) دەفەرموێت : " من لم یدع قول الزور والعمل به فلیس لله حاجة في أن یدع طعامه وشرابه " واته : هەرکەسێك کەڕۆژوەکەی وای لێ نەکات کەواز بهێنێت لەگوفتاری درۆ و کار پێ کردنی ، ئەوەبا بزانێت پەروەردگار پێویستی بەو کەسەنی یەکەخۆی بگرێتەوەلەخواردن خواردنەوە.

دەبێت ئەوەبزانین خۆمان زرۆ بەدوور بگرین و لەو کەسانەنەبین کەکاتێك لەناو خەڵکدان و کەسانی تر دەیان بینن گوناهـ ناکەن ، بەڵام کاتێك کەسیان لێ دیار نەبوو قەدەغەکراو پاوەنەکانی خودا دەبەزێنن و گوێیان پێ نادەن، چونکەبەم کارەئەوەدەسەلمێت ئەو جۆرەکەسانەلەبەر قسەو تانەی خەڵکی گوناهـ ناکەن کاتێك خەڵکیان لێوەدیارە، لەکاتێکدا چاودێرەکانی پەروەردگار زۆر زیاتر و وورد بیت ترن لەتەواوی خەڵکی ، شاعیرێکیش لەم بارەیەوەدەڵێت :

إذا خلوت بریبـــة في ظلمــــــة *** والنفس داعیة إلی العصیان

فاستحي من نظر الإله وقل لها *** إن الذي خلق الظلام یراني

واته : کەبەتها و لەتاریکی شەودا بوویت دەروونی نەخۆشت داوای سەرپێچی خودای کرد شەرم یتگرێ لەبینینی پەروەردگار و بڵێ بەدەروونی نەخۆشت ئەو کەسەی کەتاریکی دروست کرد وەدەم بینێت .

لەکۆتایدا ئەی خوشك و برای ئازیز با ئاگادرای خۆمان بین نیەتەکانمان بۆ خوای گەورەیەکلابکەینەوە، شوێن پێ و ڕێرەوی پێغەمبەری خۆشەویستان هەڵبگرین لەعبادەتەکانماندا بەتایبەتی لەم مانگەپیرۆزەدا و بەتایبەت تریش لەنوێژی تەراویح و شەو نوێژەکاندا، پێغەمبەری خوداش دەفەرموێت :" من قام رمضان إیماناً واحتساباً غفر له ما تقدم من ذنبه " ئیمامی بوخاری و موسلیم ئەم فەرموودەیان ڕیوایەت کردوە .

واتە: هەرکەسێك مانگی ڕەمەزان بەجێ بهێنێ و باوەڕی تەوایش پێ ی هەبێت و تا تەواویش دەبێت کەمتەرخەم نەبێت لەجێ بەجێکردنی ، ئەوەپەروەردگار لەگوناهەکانی پێشتری هەموو خۆش دەبێت .

لەکۆتایدا داواکارم لەپەروەردگار لەگوناهی هەموو لایەك خۆش ببێت ، سودی پێ گەیاندبین بەم هەڵوێستەکردنانەی کەئاماژەمان پێ دا ، وەبێ بەشیشمان نەکات

لەئیخلاس و شوێن کەوتنی سوننەتەکانی پێغەمبەری خۆشەویستمان ( صلی الله علیه وسلم ) .

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله و صحبه وسلم

سبحان ربك رب العزة عما يصفون وسلام على المرسلين والحمد الله رب العالمين

وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته